# چەرچڵ .. پیاوی تەنگانە

**هیچ كاتێك چۆك دانادەین، دوژمن گەورەبێت، یان بچووك، بەهێزبێت، یـان بودەڵـە، لـە ملكەچی رانەهاتووین، بۆ سەركەوتن پێویستمان بە ئابڕو، شەرەف و ژیری هەیە.** چەرچڵ

ئا: ئیدریس ئیبراهیم - سوید

بەشی دووەم



چەرچڵ

لە ساڵی ١٨٩٩ لە باشوری ئەفریقیا شەڕێك لە نێوان ئەو هاولاتیانەی كە هۆڵەنـدا كۆلۆنیـاڵی كردبوون لەگـەڵ ئینگلیزەكـان روویـدا، لەسـەر ئـەو هەرێمـە بـە پیتـەی كـە پربـوو لـە چاڵی زێـڕو ئـەڵماس.(بوێرەكان) كـە خەڵكی هەرێمەكەبوون، پێیان وابوو، كە رەوانیە ئینگلیزەكان دەستبەسـەر ئـەو چـالانەدابگرن، لـەم توندوتیژیانـەدا (چەرچـڵ) وەك هەواڵـدەری رۆژنامەی (مۆرنینگ پۆست) بە بڕی ٢٥٠ پاوەند مانگانەو خەرجی رۆژانە بـۆ چـاودێریكردنی ئـەو هەڵـچوون و كێشانە وەك رۆژنامـەوانێك خـۆی گەیانـدە گۆڕەپـانی جـەنگ، بـەڵام كـە ویـستی لەتـەك تیپێكی سـەربازی بەسەرپەرشتی (ئەلیمیر هاڵدن) لە شاری (كاپستادن) بـەرەو (ئیستكۆرت) بچن، سـوارە لاو چاكەكانی (بوێرەكان) كە باشـترین شـەركەرو ئـازابوون، رێگایان پێگرتن و شەمەندەفەرەكەیان تەقاندەوە، لە دواییـدا بـە ناچـاری ویستیان بە پیادەڕۆیی بگەنە شوێنەكە، لە ئەنجامدا شـەڕێك رویدا (٧٥٠) كەس لەوانـە (چەرچـڵ)و كاپتنەكـە بـەدیلگیران، بـۆ زینـدانی تایبـەتی لـە (پرۆتۆریا) بران، لە زینداندا بڕیاری هەڵاتنیاندا، ویستیان لـە تـاریكی شـەو كەڵك وەربگرن، بەڵام دەبوایـە بـە ناوشـاری (پرۆتۆریا)دا بـڕۆن بـۆ ئـەوەی بگەنە شوێنێكی پارێزراو، قیبلەنماو نەخشەكە لە لای كابتن بـوو، چەرچڵ یەكەم كـەس بـوو كـە خـۆی لـە دیـواری زینـدان هەڵـدا، ئـەوانیتر گیربـوون و نەیانتوانی، دوای چاوەڕوانیەكی زۆر گوێی لە دەنگی ئەوان بوو كە دەیانوت ئێمە ناتوانین، چونكە چاودێریەكی زۆرمان بەسەرەوەیە، بۆیە بـە ناچـاری چەرچڵ ملی رێگای گرت و خۆی گەیاندە هێڵی شەمەندەفەرو بە دزی خۆی خزاندە ناو یەكێك لە فارگۆنەكان، برسیەتی و ماندووبون تـەگی پێهەڵچنی، پاش ماوەیەك، لە كاتێكدا كە شـەمەندەفەرەكە بـە هێواشی دەڕۆیـشت خـۆی فرێداو بە پێ كەوتە رێ، روناكیەكی بینی و بە پیلییەوە چوو، لـە ئەنجامدا لە دەرگای ماڵێكیدا، كە لەو ناوە بەكاری دەرهێنانی خەڵوزەوە خـەریكبوون، لە بەختی ئـەو، ئـەو ماڵە ئینگلیـز دەرچـوون، ماڵەكە بەهاوكاری پیـاوێكی هۆڵەندی چەرچـڵیان دەربـاز كـردو گەیاندیانـە كۆنـسوڵخانەی بـەریتانیا لـە رۆژهـەڵاتی ئـەفریقیا، كـە ناوچـەیەكی بێلایـەن بـوو لـەنێوان بـەریتانیاو هۆڵەنـدا، پـاش پـشوێكی زۆر دەسـتی بـە نووسـینەوەی رووداوەكـانكرد بـۆ رۆژنامەكـەی خـۆی، بـە بـێ ئـەوەی خـۆی بزانـێ، لە لەنـدەن بـە هـۆی ئـەو رووداوە بـووە پاڵـەوانێكی ناسـراو لـە تـەواوی بـەریتانیا، وەك ئـەوە وابـوو چەرچڵ شەڕێكی گەورەی كردبێت و بە دەسـت و بـازووی خـۆی جەنگەكـەی بردبێتەوە.

## چەرچڵ و سیاسەت:

دوای گەڕانـەوەی لـە باشـوری ئـەفریقیا بـە تـەواوی ملـی خـۆی دایـە بـەر سیاسەت، بۆ هەڵبژاردن خۆی ئامادەكرد، تا ببێتە ئەندام پەرلەمان، بۆ ئـەم مەبەستە چەندین وتاری بە پێزی لەسەر شەڕی نێوان (بوێرەكان)و سـوپای بـەریتانیا نووسـی، كـە رەخنەیـەكی تونـدی لـە شـێوەی رێكخـستن و لایەنـە لاوازەكـانی سـوپای بـەریتانیا گـرت و لـە هەمانكاتـدا بـە بـەزن و بـاڵای سوارچاكانی (بوێر)یدا هەڵگوت، لە یەكێك لە وتارەكانیدا نووسی: پێویسـتە ئێمـە شـتەكان لـە چـاوی خۆمـان ببیـنین، هـەر سـوار چاكێكی (بوێرەكان)

بەرامبەر سێ تا پێنج سەربازی ئێمە مەشقی کردووە، باشترین چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە ئەوەیە کە سەربازەکانمان بە رەوشتێکی بەرزو هۆشمەندانە گۆش بکرێن، تا بتوانن لەمەودوا سەرکەوتووبن، ئەگەرنا پێویستمان بە سوپایەکی بێژمارە.

چەرچڵ لەو هەڵبژاردنە توانی بە ئاسانی لە شاری (ئۆڵدهام) سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەستبهێنێو لەسەر لیستی پارێزگارەکان لە ساڵی١٩٠١ بۆ یەکەمجار ببێ بە ئەندام پەرلەمان، لە کاتێکدا وەك لیبرالێك بیری دەکردەوە. لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان وتوێژ لەسەر شەڕی (بویرەکان) کرا، چەرچڵ هێمنو بێ دەنگ بوو، گوێی بۆ تەواوی قسەکان هەڵخست، وەك نەریتێك لە پەرلەمانی بەریتانیا ئەبێ پەرلەمانتاری تازە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك یان مانگێك بەشداری وتووێژەکان نەکات، لەبەر ئەوەی چەرچڵ خۆی بەشداری ئەو شەڕەی کردبوو، هەندێ لە هاورێکانی داوایان لێکرد کە باسی شەڕەکە بکات رازی بوو، ستایشی بەریتانیاو حکومەتەکەی کرد، وەك راستییەکیش باسی ئازایەتی بویرەکانی کرد، پەرلەمانتارە لیبرالەکان چەپڵەیان بۆ لێداو پەرلەمانتارە پارێزگارەکان ئەمەیان بەدڵ نەبوو، چەرچڵ گوێی لێنەگرتن ،سووربوو لەسەر ئەوەی کە ئازادی بدرێت بە بویرەکانو مافیان نەخورێت، کەباسیش لە بارودۆخی ناوخۆی بەریتانیا کرا، زۆر بەتوندی رەخنەی لە پارێزگارەکان گرت سەبارەت بە ئازادی بازرگانیو بودجەی سوپاو روانین لە بویرەکان، لەبەر ئەم هەڵوێستانەی پارێزگارەکان زیاتر لێی دوودڵ دەبوون، دوای سێ ساڵ هەندێ لە پەرلەمانتارەکان لە ناو پەرلەمان ویستیان رەخنەی لێبگرن، کردی بە هەراوهوریا لە رقی ئەوە سەرۆك وەزیران (ئارسەر بلفۆر)چووە دەرەوە بەدوای ئەودا تەواوی پەرلەمانتارە پارێزگارەکان هۆڵی پەرلەمانیان جێهێشت، تەنها چەرچڵ نەبێت، کە لە تەنیشت هاورێکەی (لوید جۆرج) کە لە لیستی لیبرالەکان بوو دانیشتبوو، کە ئەمە یەکەم جار بوو دوو پەرلەمانتاری لیستی جیا لە تەك یەك دابنیشن.

لە ساڵی ١٩٠٥ لیبرالەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست (هینری کامپل)بوو بە سەرۆك وەزیران، چەرچڵ لە سەر لیستی لیبرالەکان بوو بە ئەندامی پەرلەمانو کردیان بە جێگری وەزیری کۆلۆنیالەکان، هەر لەو کاتەدا شاکارە بەناوبەنگەکەی خۆی لەسەر باوکی نووسی بەناوی (لۆرد راندلۆف چەرچڵ)، لە ئاهەنگێکی خێزانی لە سکۆتلەندا عاشقی کچێك بوو، بەناوی (کلیمینتز هۆزێر)، ئەمە یەکەمین ئەزموونی دڵداری بوو، هەربۆیەش لە ساڵی ١٩٠٨ کچەکەی خواستو دوایی بوو بە باوکی پێنج منداڵ، لەبەرئەوەی ئەرکی جێگری وەزیری باش بەرێوەبرد، بە زوویی کردیان بە وەزیری بازرگانی، لە ساڵی١٩١٠ کرا بە وەزیری ناوخۆ کە رۆڵی دیاری هەبوو لەو ریفۆرمانەی وەزارەتی ناخۆ کردنیو بە تایبەتیش کاریگەری هەبوو لە دەستووردا بۆ وەرگرتنی پەنابەرانو شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیەکانو گرنگیدان بە تیپەکانی بەرگری شارستانی


کلیمینتز هۆزێر
هاوسەری چەرچڵ

(رزگارکردن، سووتان، لافاو... هتد)، هەروەها سەرلەنوێ رێکخستنەوەی سیستەمی پۆلیسی لە لەندەن، جگە لەوەی دەورێکی بالأشی هەبوو لە دابینکردنی کار بۆ بێکاران و چاککردنی یاساکانی کاربەدەستانو دابینکردنی پێداویستی بۆ کرێکارانی چاڵە خەڵوزەکان.

## چەرچڵ و جەنگی جیهانی یەکەم

چەرچڵو لوید جۆرج کە دوو هاورێی دڵسۆزی یەکتریو دەنگی تازەو گەنج بوون، توانیان پێکەوە زۆر کاری باش ئەنجامبدەن. ساڵی ١٩١١ بوو بە وەزیری دەریا، لەو سەردەمە بارودۆخ لە ئەوروپا بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، نێوانی فەرەنساو ئەڵمانیا لەسەر مەغریب روو لە گرژی بوو، ئەڵمانیا خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکرد، چەرچڵ بە هوشیاریەوە ئاگاداری ئەو کێشانە بوو، راشیگەیاند کە قەیسەری ئەڵمانیا دەیەوێ لە ئەوروپا شەڕ لە دژی فەرەنسا هەڵگیرسێنێ، چەرچڵ راپۆرتێکی بۆ وەزیری جەنگ ناردو تەواوی بارودۆخەکانی بۆ روونکردەوە بە چۆنیەتی بەرگریکردنو خۆ ئامادەکردنیش بۆ جەنگ، بەڵام گوێ بەو راپۆتە نەدرا، زۆری نەخایاند زیرەکیو پێشبینی چەرچڵ بە دیارکەوتنو لە ساڵی ١٩١٤ جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا. بەریتانیا چووە ناو شەڕەکەوە، چەرچڵ لەگەڵ هاورێ خانەنشین کراوەکەی(جۆن فیشر) کە ئەفسەرێکی بەساڵاچووی بەریتانیاو خاوەن ئەزموونێکی زۆری سەربازی بوو، چەرچڵ زۆر رێزی لێدەگرتو پێشنیازەکانی بە هەند وەردەگرتن، هەر بۆیەش بوون بە لێپرسراوی هێزە دەریاییەکانی بەریتانیا، بەردەوام نامەیان بۆ یەکتر دەنارد، (فیشر) بە مەرەکەبی سەوزو چەرچڵیش بە سور دەینووسی، هەر زوو دەرکیان بە



لاوازی هێزی ئاسمانی بەریتانیا کرد، چونکە ئەو ساڵە هێزە هاوپەیمانەکانی(فەرەنسا، روسیا، بەریتانیا) شکستی گەورەیان خواردو ئەڵمانەکانیش لە بەرامبەردا سەرکەوتنی گەورەیان بەرەو پاریس بەدەستهێناو تەواوی بەلجیکایان داگیرکردو پاشا کەیان هەڵهات، چەرچڵ زیاتر هەستی بەو مەترسیەکرد، بۆیە لە نامەیەکدا بۆ سەرۆك وەزیران دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە وەزیری دەریا ڕاگەیاند، داوایکرد کە بکرێت بە فەرماندەیەکی هێزە هاوپەیمانەکان، بەڵام سەرۆك وەزیران بەمە رازی نەبوو، تا دەهات پانتایی شەڕەکان فراوانتر دەبوون، دەوڵەتی عوسمانی پشگیری خۆی بۆ ئەڵمانیا ڕاگەیاند بەرەیەکی شەڕی دژ بە روسیا کردەوە، هەربۆیە هاوپەیمانەکان بیریان لەوە کردەوە کە هێرشێکی کتوپڕ بکەنە سەر (گالیپۆلیهاڵفۆن)و ئەستەمبوڵیش بۆمباران بکەن، لە هەمانکاتیشدا ئەو دەوڵەتانەی کە لە شەڕ نەگلاوو دوژمنی سەرسەختی تورکیان، وەکو (یۆنان، ئەلبانیاو رۆمانیا)، بەشداری شەڕ بکەن لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، ئیتاڵیاش کە تاکو ئەوکاتە بێلایەن مابوو بکرێتە ئەندامی هاوپەیمانان، لە ساڵی ١٩١٥ ئەم پەیمانە ئیمزا کرا، بەڵام لەبەرئەوەی (فیشر) دژی ئەو پەیمانە بوو نەیدەویست سەربەزەکانی بەریتانیاو فرۆکەوانەکانی بکاتە قوربانی ئەو ناوچەیە، بەریتانیا زیانێکی گەورەی بەرکەوتو تورکەکان سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێنا، لەسەر ئەوە هاوڕێیەتی نێوان چەرچڵو (فیشر) بەرەو خراپی چوو، تا دواجار (فیشر) نەیتوانی دانبەخۆیدا بگرێتو نامەیەکی توندی بۆ چەرچڵ نارد، کە تێیدا نووسیبووی" من زیاتر ناتوانم هاوڕێیەتی تۆ بکەم، تا دێت بۆ من زەحمەتتر دەبێت لەگەڵ داواکاریەکانی رۆژانەی تۆ بۆ گرتنی دەردەنێڵو بۆچوونەکانت گونجاو نین، بۆیە دوێنی بڕیارمدا کە ڤیتۆ دژی پێشنیازەکەی تۆ بدەم، هەربۆیە دەمەوێ بچمە سکۆتلاند بۆئەوەی لە خەیاڵەکانی تۆ دوورکەومەوە".

دەستلەکار کێشانەوی (فیشر) تەوژمی ناڕەزایی لە هەموو لایەك بۆ چەرچڵ هێنا، سەرۆك وەزیران ناچار بوو لە ١٩١٥/٦/١ لە وەزیری دەریا لایبدات، چەرچڵ بڕیاریدا تەنها وەك ئەفسەرێکی چالاك خزمەت بکات، لە دواییدا ناردیان بۆ فەرەنسا، بەڵام هەر زوو لەبەر زیرەکیو لێهاتووییەکەی لێپرسراوی هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا ترسا لەوەی کە هەر زوو رۆڵی خۆی ببینێو ببێتەوە سەرکردەیەکی سوپا، نامەیەکی بۆ فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لە فەرەنسا نارد، کە نابێت بە هیچ شێوەیەك لە پلەی فەرماندەی بە تالیۆن زیاتری پێبسپێرن، چەرچڵ رازیبوو، هەر زوو شوێنی خۆی کردەوە لە ناو سەربازەکانو بووە خۆشەویستیان، بە تالیۆنەکەی ئەو لە هیچیان کەم نەبوو، چەرچڵ تەواوی پێداویستیەکانی لەسەر گیرفانی خۆی بۆ دابینکردن.

لە ساڵی١٩١٦دا کاتێ چەرچڵ بۆ لەندەن گەڕایەوە، رۆژانە بۆ پیاسەکردن دەچووە دەرەوە، رۆژێکیان چاوی بە هونەرمەندێك کەوت کە خەریکی تابلۆ کێشان بوو، چەرچڵ ئارەزووی چووە سەر ئەم کارە، هەر بۆیە پێداویستیەکانی تابلۆکێشانی لە رەنگو بۆیە کڕیو رۆژانە خەریکی وێنەکێشان بوو تا شارەزاییەکی باشی پەیداکرد، هەر ئەوەش بوو دوو تابلۆی بۆ پێشانگایەك لە ژێر ناوی خوازراو( مستر وینفر) نارد، (بیکاسۆ) کە چاوی بە تابلۆکان کەوت گوتی" ئەم شێوەکارە ئەگەر بیەوێ دەتوانێ ژیانی خۆی بە تابلۆ کێشان دابینبکات".

چەرچڵ رۆژنامەنووس، نووسەر، شەڕزان، هونەرمەندو سیاسی بوو، بەڵام ئەو تەنها سیاسەتی بەلاوە گرنگ بوو. کاتێك سەرۆك وەزیران (ئەسکویس) دەستی لەکارکێشایەوە، (لوید جۆرج) کە هاوڕێی چەرچڵ بوو، بوو بە سەرۆك وەزیران، وەزارەتی تەقەمەنی بە چەرچڵ سپارد هەرچەندە پارێزگارەکان ویستیان رێگری بکەنو نەهێڵن ئەو پۆستەی پێبدرێت، چونکە بەڕای ئەوان چەرچڵ زیانی گەورەی گەیاندۆتە بەریتانیا، بەڵام بە زیرەکی خۆی توانی دەوڵەت لە رووی پیشەسازی جەنگیەوە نوێبکاتەوەو سەرکەوتنی گەورە بەدەستبێنێ.

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیویست لە جەنگەکەدا بێ لایەن بمێنێتەوە، بەڵام ئەڵمانیا تا دەهات زیاتر لە دەریادا تەنگیان پێهەڵدەچنین، چەند کەشتیەکی ئەمریکایان سووتاند، بنکەکانیان بۆمباران کردن، سەرەڕای ئەوەی کە ژێردەریاییەکانیان سنووری ئەمریکایان دەبەزاند، هێرشیاندەکردە سەر کەشتیە بازرگانیەکانیان. لە ١٩١٧/٤/٢ دا کۆنگرێسی ئەمریکا بڕیاری شەڕی ڕاگەیاند لە دژی ئەڵمانیا، سەربازەکانی ئەمریکا بە چەکی بەریتانیا لە بەرەکانی شەڕ بەشداریانکرد، شکست لە مەیدانی شەڕدا، ئەڵمانیای ناچار کرد کە لە ١٩١٨/١١/١١ پەیمانی راگرتنی شەڕ مۆر بکات.